

# پەندەکانی پیرەمێرد

کەسی دڵسۆز بێ بۆ هەموو کەسێ
دەرگایشی نەبێ لەدز نەترسێ
بەقاسپە قاسپی کەو بایەخ مەکەن
دیتە بۆ ڕاوی جینسی خۆی دەبەن
پیاوێ دووربین بێ نابێ تەنیا بێ
کەدۆستی نەبێ دەستیشی نابێ
ئەوی بەتوندی لەجێی خۆی هەستا
کاتێکت ڕوانی ماندوو بوو وەستا
هەرچی ئەزانی بۆت ناچێتە سەر
مەیکە بەخولیاو بەکەڵکەڵەی سەر
نەزان، نەزانێ کەهیچ نەزانە
بەختیش ڕووی تێکا خانەوێرانە
خود پەسەند دێوی نەفسی نەدیوە
خۆی لەئاوێنەی دێواندا دیوە
مەلا بەدخوو بێو بێ وەعز بدا
بەزۆر غەیبەتی خۆی بەخەڵک ئەکا
ئەو شێخەی مووچەی مرید وەرئەگرێ
دەمی (برنگ)ەو خوری پێ ئەبڕێ
بەو پارەیەی شێخ بەهەشت ئەفرۆشێ
نەتەوەی پیاڵەی مەی پێ دەنۆشێ
گەنجێ بەڕەنج بێ ئەمێنێتەوە
میرات بۆ (نەوە) شەڕ ئەنێتەوە
ڕۆڵە ئەم پەندەم بە سەرمەشقت بێ
لەسەوداگەری، سەودای عەشقت بێ
بەعەشق ئازادەی هەردوو جیهانی
کەعەشقت نەبێ لەشی بێ گیانی
ئەو سەرەی سەودای عەشقی تیا نی یە
کولەکەی وشکی ئاوی کانی یە
خۆشیان ئەوێی هێشوە خۆشناوێ
جنێوفرۆش بێ، باوکتت خۆش ناوێ

لەمەیدانا کەس دەنگی دەرنایە
کەدوشمن شکا زۆرکەس ئازایە
ئەوی هەڵکردی بەوشکو تەڕە
لەماڵی خۆیا شای بەحرو بەڕە
بەڕە شڕ دەشۆی بەئاوی کانی
قەدری ئاو مەگەر لەچۆڵ بزانی
ئەوی ڕووبەڕوو تۆ هەڵدەکێشێ
پاش ملە بەداخ ئاخ هەڵدەکێشێ
ئێستاکە مووچەی جاسووس نەماوە
لەدوور ئەم نانە بەو ڕۆنە باوە
دیتە کە (بەز) یان بە (کتک) سپارد
چۆن پارەی پەزیان ژماردو بژارد
ئەوی بەکتک بەز دەسپێرێ
دیارە بز دارە پەزیش ئەبژێرێ
ئەڵێن گوێرەکە بە پەموو فێر بێ
دەست هەڵناگرێ زکیشی تێر بێ
کەوتووینە دەورێ جوان پیری ناوێ
ئەو دەورە گوزەشت چوار ژن بۆ پیاوێ
مسکێنو ئاغا لێک ڕاست بوونەوە
قوربانیو قوربان لەبیرچوونەوە
موشیرو سوڵتان وەک گورزو قەڵغان
هەڵگیران لەگەڵ سفرەی دیوەخان